# پەپوولەی باڵ شکاوو



شعری رۆمانسی

د. یوسف زەنگەنە

چاپی دووهەم

لەندەن- ٢٠٢١-

شعری رۆمانسی

# پەپوولەی باڵ شکاوو

د. یوسف زەنگەنە

چاپی دووهەم

لەندەن- ٢٠٢١ -

زەنگەنە، د. یوسف

**پەپوولەی باڵ شکاوو**

هەڵبەستی رۆمانسی

چاپی دووهەم، بە دەستکارییەوە.
لەندەن -٢٠٢١-

Zangana. Yousuf, Dr.

**Broken-Wing Butterfly**

Romantic Poems

Second Edition,
London 2021

# ڕوونکردنەوەیەک

زۆربەی، ئەم شعرانەی کە لەم کتێبەدا هاتووە، لە کاتی خۆیدا لە کتێبی (پەپوولەی باڵ شکاوو)دا،کە ١٩٧٥دا،چاپکرا، بڵاووم کردووەتەوە، بەڵام بە دەستکارییەکی زۆرەوە، لە شێوەی دارِژتن و زاراوەو کێش و سەرواوە.

# دڵی ئارام

دڵ ئارام بوو،
وەکوو دەریا، بە ئێواران،
کە تۆی تێچوویت،
لە نێویدا،
بۆبە باهۆز،
بووبە تۆفان،
بووبە زریان،
نە بە بوونت، دادەمرکێت،
نە بە چوونت،
دەچێتەوە، دۆخی جاران.

# تۆ و مانگ

سەرم سوورِما،
بۆ بەم شەوە،
مانگ بەرامبەر، نازدارەکەم راوێستاوە،
کە مانگ زانی، من دڵتەنگ بووم،
هاواری کرد، لێم ببوورە،
من وامزانی کە هەتاوە،

**تێبینی:**

هەموو دەزانن. مانگ تیشک و جوانی لە هەتاوەوە وەردەگرێت.

# بەڵێنێک بە خوداوەند

لەم جیهانە،

نەتنووسیبوو لە ئەزەلدا،

بۆ یەک ببین،

من و ناسکە نازدارەکەم،

پێکرا بژین،

بەڵێن دەدەم خوداوەندا،

لەو جیهانت،

چاوو بپۆشم،

لە گشت پەری و حۆرییەکانت،

تەنها مەرجم،

بۆ ئەم بەڵێن و بڕیارەم،

بێبەش نەبم لەو دونیاشدا،

وەک ئەمەیان،

لەم نازدارەم.

# تۆ

که تۆ نەبێت،
بەهار ببێت، بەهار نەبێت،
وەک یەک وایە،
نەرمە شنەی بای شەماڵیش،
رەشە بایە،
دەشتن، صحران، بیابانن،
گووڵزارەکان،
بۆنی ژاری ماریان لێدێت،
گووڵاڵەکان،
قیڕەقیڕی قەلەرەشکەن،
نەغمەو ئاوازی بولبوولان،

دەبێ بە دڕک و پەیکوڵە،
تەڵی نەرمی قژی هەتاوو،
مانگ لە ئاسمان،
وەک ئەژدیها،
دێتە بەرچاوو،
بەڵام کاتێک لەگەڵمدای،
دوونیا دەبێت بە بەهەشت و
تەنیا تۆی تیای.

# خۆتم لێمەشارەوە

دەڵێن هەر کیژێک،
ئەستێرەیەکی، هەیە،
لە ئاسمان.
خۆتم لێوون کەیت، دەتدۆزمەوە،
بە پلانێکی زۆر سادەو ئاسان،
پرسیارێک دەکەم لە ئەستێرەکان،
جوانترەکەتان لە چی لایەکە،
بە بێ دوودڵی و بێ شەک و گوومان،
روو بەرەو لای تۆ وەردەچەرخێنن،
بەو کردارەیان،
شوێنت ئاشکراوو
جوانترین بوونی،
تۆش دەسەلمێنن.

# دەمەتەقێیەکی بێ ئاکام

پرسیاری کیژووڵەیەکی کوردستانی وڵامەکەم

دڵ لە سینەم،
بێ بوونی تۆ،
ئارام ناگرێت و ناسرەوێ،
لە خەیاڵدای، لە خەونمدای،
هەموو ساتێک،
هەموو شەوێ،
ئایا تۆش، منت، خۆشدەوێ؟
ئاسکۆڵەکە، زۆر بە کوورتی،

ئەگەر وتم خۆشم ئەوێی،
باوەڕ مەکە،
مەپرسە بۆ؟
شۆخێکیتر،
دڵی بردووم،
ساڵیانێکی،
زۆر بەر لە تۆ،

# ئایینی عشق

ئایینی عشق لە بەهەشتدا،
بە بڕیاری پەروەردگار،
درووستکرا،
لە ئاکامی عشقیشدا بوو،
کە لە لایەن ئادەمەوە،
فەرمانی خوا پشتگوێ خرا،
لە پێناوی عشقیشدا بوو،
لە بەهەشتی ئاسمانەوە،
بەرەو زەمین فڕێدرا،
چوونکە لای ئەو پیرۆزتر بوو،
عشقی (حوا)،
لە ویستی خوا.

# خەیاڵ و ئارەزوو

ناسکۆڵەکەم،
کە هەست دەکەم،
لە ماڵەوە بە تەنیایی،
چاوەکانم، تووند دادەخەم،
دەڵێم بەڵکوو، ئەمە خوایە،
کە کردمەوە،
راوێستابی، تۆم لە بەردەم.

# خۆشویستنت، بێدیتنت

ساڵیانێکە،
وێڵم بە شوێن وڵامێکدا،
بۆ پرسیارێک،
کە کردوومە، بە خۆم لە خۆم،
هەزاران جار،
نە یەک جارێک،
لەو گەڕان و هات و چوونەم،
دەیان رازم، ئاشکرا کرد،
خۆشویستنت،
بێ دیتنت،
أما، بەڵام،
پرسیارێکە، ماوەتەوە،
بە بێ وڵام.

# شانەکانت

ئارەزوومە شانەکانت،
رۆژێک ببن بە سەرینم،
تا پڕ بە دەنگ هاوار بکەم،
ئۆخەی خودا نەمردم و
پاش چەندین ساڵ،
ئازاروو خەم،
ئارەزووەکەم،
هاتە بەرهەم.

# دەروێشی مەیخانەکان

ئەگەر خودا،
ئەو پاداشەی بە من دەدا،
کەوا ببمە پەپوولەیەک،
لە بریتی پەڕو لێوی شاگووڵەکان،
لێوانی تۆم جێنەدەهێشت،
بۆ چرکەیەک،
وەک دەروێشی مەیخانەکان،
تا مەست دەبووم،
لە مژینیان.

# کەندووی هەژاران

دڵم خالی، وەکوو کەندووی،

هەژاران بوو،

پیاڵەی هەردوو چاوەکانم،

تینوو وەکوو،

بیابانی، بێ باران بوو،

هاتی دڵم، بۆ بە گوڵزار،

کە ڕۆیشتی،

هێندە گریام،

ئاوی چاووم بوو بە کانی،

بوو، بە ڕووبار.

# بەلەم

تاکو بگەم بە تۆی نازدار،
لە نێو دەبەم بەربەستەکان،
دەریایەکی پان و پۆڕیش،
درووست دەکەم،
بە فرمێسکی هەردوو چاوان،
دڵم دەکەم بە بەلەمێک،
تا تێیکەوی،
لە نێویدا بۆ هەمیشە،
تا بسرەوی.

# تۆی تەنیایی رەوێنم

لەو رۆژەوە لە سەر تەنەی،
درەختەکەی،
پێش پەنجەرەی،
نێو ژوورەکەم،
کە نێوی تۆم، هەڵکەندووە،
تەنیایی بووە بە هەڵم و
دڵی منی جێهێشتووە،
تیشکی هەتاو سێبەرەکەت،
دەخاتە سەر نوێنەکەم،

بەیانییان،
گەرمی لەشت بە نێوەڕۆ،
نەرمەشنەی بای شەماڵیش،
دەنگت دەدا بە گوێکانما،
بە ئێواران،
کە شەو دادێت،
نەرمە خشەی گەڵاکانی،
لایەلایەن، کاتی خەووم،
لەگەڵمدای بۆیە نازدار،
رۆژوو شەووم.

# چرای ڕێی تاریکم

باوەڕم ناهات،
لە ڕێی تاریکم،
چرایەک هەڵبێت ڕۆژێک لە ناکاوو،
ڕووناکی بکات، زۆرتر لە هەتاوو،
ئەو ئارەزووەم، کاتێک هاتە دی،
بە تیشکی چاووت،
گڕی تێبەربوو،
دڵ، دەروون، هەناوو.

# ئاوێنەی چاووەکانت

ساڵیانێک بوو،
ون بووم و وێڵ و سەرگەردان،
هەر رێگەیەک، دەمگرتە بەر،
بێکۆتایی یا بەستراوو،
کاتێک توانیم خۆ پەیداکەم،
کە ئاوێنەی چاووانی تۆم،
هاتە بەر چاوو.

# گەردنت ئازاد نەبێت

ئازاد نەبێت، دەک گەردنت، کە مردم،
فرمێسکێکم بۆ بڕێژی،
بە چاووان،
چەپکە گوڵێک بهێنیتە،
گۆڕستان،
چوون لە خەمی دووری تۆدا،
وشکی کرد،
خوێنی لەش و
دڵیش هاتە راوێستان.

# بەڵگەی جوانیت

نازدارەکەم،

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە شعرێکدا هەستی خۆم لەمەڕ جوانیت دەربڕیبوو، کە جوانترینی دوو جیهانی، کەنیشکێک لە هاوڕێیانی خۆشەویستی فەیسبووکم، وا دەرکەوت کە پشتیوانی جووانەکانی ئەو دوونیایە، لە کۆمێنتێکدا بە تووڕەییەکی زۆرەوە، فەرموویەتی:

"واللە هیچ لەوانەی ئەو دوونیا جوانتر نیە"

منیش بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنم کەوا نیە وا ئەو دەفەرمێ، ئەم هەستەم بۆ هات:

من بە بەڵگە دەیسەلمێنم،

جوانترینی دوو جیهانی،

بە گوێرەی دەقی ئایاتی،

کتێبەکانی ئاسمانی،

ئەگەر باش بیت لەم دوونیایە،
لەو دوونیاشدا،
لە نێو ریزی باشەکانی،
خراب لەگەڵ خرابەکان،
چی بیت، چۆن بیت،
لە ئەمەیان،
هەروا دەبیت،
لەوەی تریان،
لەمەڕ تۆوە،
لەبەر ئەوەی تۆی نازەنین،
لەم جیهانە،
پۆڕوپانە،
سەرکاروانی جوانەکانی،
بە بێگوومان لەو دونیاشدا،
هەر هەمانی.

# تارمایی بوو، نەک پەری

ئەو لەوبەری دەریاکان و
من لەم بەری،
کردم ئەوەی، بە کەسیتر نەکرا،
بە هەزار، دەردەسەری،
پێیگەیشتم، لێ ئەفسووس،
تارمایی بوو،
نەک پەری.

# تیرباران

خۆشویستنت،
نە گوناهەو نە تاوان،
ئەگەر وایە،
کەی ڕەوایە،
بەرەو دڵم بە چاووان،
بەربوویتە، بە، تیرباران.

# هەتاو، مانگ، تۆ

هەتاو تەنها، بە رۆژ جوانە،
مانگیش، شەو،
تۆ هەردووکیان،
بۆیە دەڵێم وێنەت نیە،
لە جوانیدا،
نە لە زەمین،
نە ئاسمان.

# جوانی تۆو جوانی هەتاو

جارێکی دی و هەمدیسان،
خۆم سەرم لە خۆم شێوان،
جوانی تۆم بە خۆر شوبهان،
دەعبایەکە، وەکو مەست،
بە دەور خۆیدا لە سووڕان،
چەند شێتە شاعر نەبێت،
باسی نایەتە زمان،
نێوی نایەتە نێوان،
باسی جوانی تۆ، بەڵام،
جێناهێلێت، چرکەیەک،
زمان و بیروو هۆشی،
خەڵکانی هەموو جیهان.

# پیاوانی زۆرزان

ئارەزوومەندان،
برسی باوەشی کیژان و ژنان،
بۆ شکاندنی برسییەتی مێشک و
بۆ کوژاندنەوەی گڕی دەروونیان،
جارووبار هێزێک، هانیانی دەدا،
هێرش ببەنە سەر ئافرەتەکان،
سەیرە ئەم کارە،
سرنجی خودای بۆیان راکێشا،
ئایەی حجابی بۆیان دابەزان،

تۆ بڵێی خودا لەسەرەتادا،
هەڵەی کردبێت،
لەوەی بێ پەچە ژنانی خوڵقان،
خوا هەڵە ناکات،
ئێمەی پیاوانی فێڵ و زۆرزانین،
تاوانی خۆمان،
بە بێ ترس و شەرم،
دەخەینە ئەستۆی،
ئەوی دڵنەرم و
ئەوی بێتاوان.

# دابڕان

کە چرۆت کرد،

لەسەر چڵی ژیانی من،

وا هەستم کرد کۆتایی هات،

شێن و زاری و

گریانی من،

لە ناکاودا، کە دابڕای،

هێندەم خەم خووارد،

فرمێسکم رژت،

کە داچۆڕا،

ئاوی رەش و ئاوی سپی،

چاوانی من.

تاکوو ئێستاش نەمزانیوە،

چیەو چی بوو،

تاوانی من.

# عشقی پاک

دەژیم تاکوو لەگەڵمدای،
چوونکە بۆ من،
وەک هەناسەی،
وەکوو بای،
لە شەوانی تاریکمدا،
تۆ مەشخەڵی،
تۆ چرای،
لە پێناوی عشقی تۆدا،
خۆم سپاردە، دەستی دڵ،
دڵیش کەوتە، دەستی تۆ.
یاری لەگەڵدا، مەکە ،
تۆش ئەگەر،
لەگەڵ عشقی، پاکی بێگەرد،
ئاشنای.

# تەنیایی

هێندەم تەنیایی کێشاوە،
شێت و شەیدای تەنیاکانم،
هەر کە تەنیایەک دەبینم،
وا هەست دەکەم، خودی منم،
بۆیە فرمێسک بە خوور وەکوو،
ئاوی باران،
دادەچۆڕێت لە چاووانم.

# خەمی من و ئاسمان

ئەڵێی منم لەم دەڤەرە،
ئەمڕۆ ئاسمان،
ناڵەیەتی، دەگرمێنی لە خەماندا،
چاوەکانیشی بە باران،
دیارە ئەمیش وەکوو من،
دابڕاوە،
لە خاک و
لە دۆستان،
لە یاران،
جیاوازییەک کە هەیە،

لە نێوانی هەردووکمان،
من دەسووتێم بە بێدەنگ،
ئاسمان، بەڵام، بە ناڵەو
فیغان و بە گریانی،
هەر هەموو، خەمەکانی،
دەگەیەنێت، زۆر ئاسان،
بە گوێی گشت، خەڵکی جیهان.

# عشقێکی هەتاهەتایی

شاد بێت بەیانیت ،

گۆچانی دەستم،

سۆمای دوو چاووم،

خۆشکەری دڵم،

فێنککەرەوەی گڕێ هەناووم،

شنەی شەماڵی چلەی هاوینم،

لە زستانی سارد،

گڕو هەتاووم،

عشقت بە جۆری داگیری کردووم،

لەگەڵما دەبێ،

تاوەکو ماووم.

# بە گڕی یەکێک سووتاووم

نە مەستم و نە پیرێکی،
خەڵەفاووم،
بەسە هێندە،
پەری و حۆریم، پیشان بدە،
خوداوەندا خۆت دەزانی،
بە گڕی یەکێک سووتاووم،
لە جوانیدا، وێنەی نیە،
سەرتاسەر، جیهان گەڕاووم.

# تا تۆم هەبیت

تا تۆم هەبیت، شای جوانی،
نە دۆزەخ بوونی هەیە،
نە ئەژدەهاو مارانی،
ئەم جیهانەم بەهەشتەو
تۆش یەک، لە پەرییەکانی.

# دڵی من و تیری چاووت

هەر کە چاووت تیری گرت،
دڵی منی بێتاوان،
بوو بە یەکەم نیشانی،
کە کوون بوو و شەپۆلی بەست،
وەک دەریا، خوێنەکانی،
لە نێویدا بە نەرمی،
کەوتیتە، مەلەوانی،
کە ماندوو بوویت،
بە جێتهێشت،
من مام و ئێشەکانی.

# تۆپەرستی

من دەڕۆم و جێت دەهێلم،
بۆ هەمیشە،
بەڵام تۆ هەی،
زۆر دڵنیام، کە رۆژێک دێت،
نازانم کەی،
لێم تێدەگەی،
لە خۆم زۆرتر خۆشمویستی،
گەر زوو بەجێم نەهێلابای،
لە خۆشویستن تێدەپەڕی و
دەگەیشتە تۆ پەرستی.

# تۆی هەتاووم

دەزانی بۆ،
بە تۆ دەڵێم،
تۆی هەتاووم،
چوونکە کاتێک لە دوورەوە،
دەکەویتە بەرچاوانم،
لێتدەڕوانم،
گڕ بەردەبێت،
لە دڵم و لە هەناووم،
بە خووڕ ئاویش،
دادەچۆڕێت،
لە دوو چاووم.

# هەتاو رووخسار

زۆر لە مێژدا،
لە گەڕاندام،
بەم وڵات و ئەو وڵاتدا،
ئەم شار، ئەو شار،
دەڵێم بەڵکوو،
رۆژێک بە ختم ببێت بە یار،
بۆ چرکەیەک،
شێوەیەکم بێتە بەرچاوو،
تۆسقاڵێکی لێبەدیکەم،
لە جوانی تۆی،
هەتاو رووخسار.

# گۆڕان لە سیستەم و یاسای گەردوون

لەوەتەی هەتاو هەتاوە،

ڕۆژیش، ڕۆژە،

شەویش هەروا،

لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکان،

یەکیان دێت و یەکیان دەڕوا،

بێ گرفتن، بۆ یەکتری،

پێکرا، تەبان،

بێ ناکۆکین،

لەو ڕۆژەوە تۆی فریشتە،

لە ئاسمانڕا دابەزیووی،

بۆ سەر زەمین،

کەوتوونەتە پاڵەپستی و

بەیەکدادان،

لە هاتندا زۆر بە پەلەن،

تاکوو زۆرتر،

لە جوانی تۆ، چێژ وەربگرن،

خۆیان بە فێڵیش، دووا دەخەن،

لە کاتی چوون.

لە ئاکامی جوانی تۆیە،

لە سیستەم و یاسای گەردوون،

ئەو گۆڕانە،

هاتووەتە بوون.

# تۆ، ئەو، نا

ساڵیانێکە،
تەڵی نەرمی قژی هەتاوو،
شانە دەکەم،
دەهۆنمەوە، پەلکەکانی،
کلی زێڕین،
نەرم، نەرم، دەماڵمە،
چاووەکانی،
گۆنای بە رەنگی ئەرخەوان،
سوور دەکەم و

ئاڵ، ئاڵ، وەکوو دەنکی هەنار،

لێوەکانی،

دەڵێم بەڵکوو، هەڵهات رۆژێک،

لە باوەشت،

شەرم نەکا،

کاتێ زانی،

کە تۆ،

ئەو، نا،

سەرکاروانی جوانەکانی.

# سەرسامی پزشکی چاوو

پزشکی چاوو،
زۆر سەرسام بوو چاووی بینیم،
پڕ لە تیشکە، پڕە لە ئاوو،
کاتێ وتی:
دیاردەیەکە، سەرسووڕێنەر،
ڕووداوێکی قەد ڕوونەداوو،
لە شارێکی بە بێ هەتاوو.
نەیدەزانی، هەتاوی ڕووت،
بە ڕۆژە شەو،
هەڵە لە پێش دووچاوی من،
لە کاتێکدا کە بیدارم،
کاتێک کە خەو.

# پەرییەکی ئاسمانی

شەوێ لێکردووم بە رۆژو
رۆژیش، بە شەو،
بە دیمەن خەو، بە دڵ بیدار،
بیدار پەیدام، بەڵام لە خەو،
وێردو زیکرم هۆش و فیکرم،
لەلای ئەوەو ئەوەو هەر ئەو،
دەڕوانمە بنی ئاسمان،
ئەو دەبینم،
وێنەی ئەوم، دێتە بەرچاوو،
بە دیتنی مانگ و هەتاوو،

تاکە تاکی ئەستێرەکان،

درەختانی رووی گۆی زەمین،

قەدوباڵای ئەو دەنوێنن،

کوڵمی ئەوە،

دەبێت بە گوڵ لەبەر چاووم،

کاتێک کەوا،

دەڕوانمە رووی گووڵەکان،

بیهێلیت بۆم، چەند دووریش بێت،

ئەو پەرییە،

خوداوەندی عەرد و ئاسمان.

# ئێرەیی

دەستم بڕوات،
چاوێلکەیەک رەشی دەیجوور،
دەخەمە سەر چاوی هەتاوو،
پەچەیەکی تاروو تاریک،
بەسەر چاووی باڵندەکان،
زیندان دەکەم،
مانگ و هەموو ئەستێرەکان،
تاوەکو تۆ، بپارێزم،
دڵبەرەکەم،
لە ئێرەیی و چاووی پیسیان.

# بادەی ساقی ولێوانی تۆ

نەمنۆشیوە هەرگیز شەراب،
ئەگەر راست بێت، ئەوەی دەیلێن،
دەروێشانی، مەیخانەکان،
کەوا تامی بادەی دەستی،
ساقییە چاوو خوومارەکان،
بێوێنەیە لە خۆشیدا،
أما، بەڵام،
زۆر دڵنیام،
بە بێگوومان،
هەڵەن گشتیان،

خەیاڵێکی مژی بادەی،
ئاسکۆڵە، دڵڕفێنەکەم،
هێندە خۆشەو بێوێنەیە،
دەمکات بە شای، هەموو مەستان،
چی بگاتە بە راست بوونی،
لە رۆژێکدا،
خوا بکەران.

# ئاوێنەکەم

وامدەزانی ئاوێنەکەم، تاکی تەنیا،
خەمەکانم، لە دووری تۆ،
تۆمار دەکا،
تۆ مەزانە شەویش هەروا،
خەمی منە وایلێدەکا،
کپ و ئارام،
بۆ تاریکی پەنا ببا.

# هێزی ناووت

وا نەزانی کە بێدەنگم،
کە بێزارم، لە دیدارت،
یا هەست بکەیت، کە حەز ناکەم،
لەوەی کەوا بکەومە مەلەوانی،
لە دەریای چاووی خوومارت..،
ئارەزوومە کە رۆژێک بێت،
بیسەلمێنم، شێت و شەیدای،
یاریکردن، بە دە پەنجەم،
لەگەڵ تاری قژی خاووت،
خۆ مەست بکەم،

بە مژینی، شەرابی بادەی لێوانت،
بۆنی گوڵی ئەرخەوانی،
کووڵمەکانت،
ڕێشاندەر بێت،
دەرم بێنێت لە تاریکی،
بەرەو شادی، دڵ و دەروون،
هێزی ناووت.
تێشکی لەوەی هەتاوو تیژتر،
لە کاتێکدا، دەردەپەڕێت،
بە بێوێستان،
لە دوو چاووت.

# شەیدای گووڵم

بوولبوولێکم شەیدای گووڵم،
لەم گووڵەوە بۆ ئەویتر،
هەڵدەفڕم،
لە ناخەوە خۆشەویستیم،
بۆ هەموویان دەردبڕم،
ئەوەی سەیرە،
تاکە گووڵێک لەو گووڵانە،
شادی دەدات بە دڵم و
بە ماچێکیش، گەرمی دەدات،
بە دوو لێوی ساردووسڕم.

# لەو رۆژەوە بە جێمهێشتووی

ناسکۆڵەکەم،
لەو رۆژەوە بە جێمهێشتووی،
خەو لە چاووم،
وەک کۆتری ون بوو، تارە،
خواردن هەر چەند، خۆشبێ و بە تام،
لە دەممدا، ژاری مارە.
شادی بووە، بە هووڵمی ئاوو،
هەڵکشاوە بە ئاسماندا،
خەمیش، هەزار بە هەزارە.

# تۆ هەم گەڵا، تۆ هەم گوڵی

لەو رۆژەوە نازدارەکەم،
کە تۆم بە گووڵ،
بە گەڵاو چڵ،
شووبهاندووە،
ماف بە دەستن خەڵکان ئەگەر ،
بڵێن کە کابرا شێت بووە،
چونکە کاتێک،
کە گووڵێکم دێتە بەرچاوو،
لێو دەخەمە پەڕەکانی و تێر دەیمژم،
وا هەست دەکەم لێوی تۆیە،
لە لێوانی خۆم گرتووە،

کاتێک کە دارێک دەبێنم،
توونـد باوەشی پێدا دەکەم،
گەرمییەکی وام پێدەدات،
هەر دەڵێی ، باوەشی تۆیە،
کە بۆنی هەر، گووڵێک دەکەم،
دەڵێی بۆنی،
قژی نەرم و رەشی تۆیە.
بەیانییان، کە رووناکی،
ئەم جیهانە دەگرێتە بەر،
خەڵکانیتر وا دەزانن،
تیشکی خۆرە،
هەر من نەبم کە دڵنیام،
لە ئاکامی، رووناکی رووی،
گەشی تۆیە.

# دڵە شێتەکەم

وا نەزانی منم ئەوەی،
تۆی خۆشدەوێ،
نەخێر، دڵە شێتەکەمە،
کە بە بێ تۆ شێت و شەیدایەو
ناسرەوێ.

# بێباک لە ئاوابوونی هەتاوو

تیشکی رووی تۆ ئەگەر هەڵبێت،

رۆژی یەکجار،

لە بەرچاووم،

بۆ هەمیشە بێ ترس و باک،

لە ئاوابوونی هەتاووم.

# لە شارێکی بێ چرادا

شار بێ چراو کارەبایە،
هەورێکی رەش،
بەری لە هەتاوو گرتووەو
لە نێویدا نووقم بووە،
جیهان تاریک،
سۆمای لە چاووم، بردووە،
دڵی منیش، لە تاریکیدا، ونبووە،
کەمێک پەردەی، پەنجەرەکەت،
وەلادادە،
بە نیگایەک بۆ ئاسمان،
هەور دەڕەوێ و
دیسانەوە تیشکی هەتاوو،
رووناک دەکات،
چاوو و دڵم و هەموو جیهان.

# مژی خونچەی لێوەکەی

خوداوەندا، چاک دەزانم،
کە حەرامە تامی، مەی،
با مەلەکێک بیسەلمێنی،
کە نۆشیمە، لە کویێ و کەی،
ئەم مەستییە پێمەوە،
کە ئاشکراوو، کە دیارە،
لە ئاکامی مژێکی،
جووتە لێوانی یارە،
ئەو ئاسکۆڵە، زۆر، نازدارە،
تاوانبارە،
نەیفەرموو،
گەلێک لە مەی بەهێزترە،
مژی خوونچەی،
لێوەکەی.

# بۆنی تۆ

هەواو کەشناسێک،

وتی سبەینێ،

بایەک تیژوو تووند،

لە لای راستەوە،

بەرەو لای، چەپ دێ،

لە بەرزترین شوێن،

خۆم دایە بەری،

بەو هیوایەوە،

تۆسقاڵیک بۆنی خۆشی،

تۆی پێ بێ.

# مەرگی مرۆڤایەتی

خوێنەری بەڕێز

ئەم هەستەی کە دەیخوێنیتەوە، لە ئاکامی ڕووداوێکی ڕاستەقینەدا، هاتووەتە بوون، کە لە سەرەتای ساڵانی شەستی سەدەی ڕابووردوودا، ڕوویدا، لە گەڕەکی شۆرجەی کەرکووک و من بە خۆم ڕاستەوخۆ ئەگاداری ئەو بەسەرهاتە دڵتەزێنە بووم، کە بەراستی وەک خۆی دەیگووت، بەڵگەیەکی بتەوە بۆ سەلماندنی مەرگی (إلانسانیة).

هەڵبەتە، ئێمەی کەم تەمەن لەو سەردەمەدا، بەر لە ڕووداوەکە، نە کاک (...أ...) مان دەناسی و نە بەسەرهاتەکەی، بەڵام دوای ڕووداوەکە ئیتر بۆ بە وێردی سەر زمانی گەورەو بچووک.

گەورەترەکان دەیانگووت، کە گەنجێکی باڵابەرزی چووارشانەو تا بڵێی قۆز و ڕێک و پێک و خاوەن کەسایەتییەکی لێشاو و بە توانا بووە.

حەز لە کچە مامێکی خۆی دەکات و لە خۆی و کچەکەو تا ڕادەیەکیش برا چەند ساڵێک لە خۆی گەورەترەکە بەولاوە، (عبدالبشر)ی دیکە پێینەزانیوە، چوونکە باروودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە بە تایبەت لەگەڕەکێکی هەژارنشینی وەکو شۆرجەی ئەو سەردەمە (کە بە شانازییەوە من لە داییکبووی ئەو گەڕەکەم)، هەرگیز ڕێگەی نەداوە، باسی خۆشەویستی بکرێت هەرچەند کچە مام و کووڕە مامیش بێت.

(...أ...) نێوی دێت بۆ (عسکری) و بە کچەکە، کە لەو ساڵەدا تەمەنی ١٧ ساڵ دەبێت، دەڵێت:

ئەڕۆم و ناگەڕێمەوە تا هێندە پارە کۆنەکەمەوە کە بتوانم، خۆشترین ژیانت بۆ درووست بکەم و خانووت بۆ بکڕم و تا کۆتایی ژیان بە ئاسوودەیی پێکەوە ژیان بەرینە سەر. هەمان قسەش بۆ براکەی دەکات.

دەڕوات، رەوانەی شاری (بصرة)ەی دەکەن لە خوواروی (عراق). جگە لە خزمەتی سوپایی، دوا رۆژەکانی هەفتەو رۆژانی پشووی، هەر هەمووی بە کاری کرێکارییەوە دەباتە سەر، تا بتوانێت بەڵێنەکەی بە ئەنجام بگەیەنێت، کە داویەتی بە ئامۆزاکەی. کە لێپرسراوی سەربازخانەکە بە رەوشتپاکی و دڵسۆزی ئەزانێت و ئاگادار دەبێت لەوەی بۆ وا خۆی ماندوو دەکات، وەک دەڵێن مانگی چەند هەفتەیەک (إجازة)ی پێدەدات تا بتوانێت زۆرتر کار بکات.

ماوەی سەربازییەکەی چووارساڵ دەخایەنێت و لەو ماوەیەدا تاکو بۆ رۆژێکیش ناگەڕێتەوە بۆ سەردانی خانەوادەکەی لە کەرکووک.

سەربازییەکەی کۆتایی پێدێت و بە دڵێکی خۆش و باخەڵێکی پڕەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک و گەڕەکی شۆرجە و یەکسەر بۆ ماڵەکەی خۆیان، کە لە دەرگا دەدات، کەسێک کە دەرگای بۆ دەکاتەوە کچە ئامۆزاکەیەتی و دوومنداڵی وردیش، بە شوێنیەوە.

سەڵاوی لێدەکات و دەڵێت وەک بەڵێنمدا وا گەڕامەوەو ئامۆزاکەی بە بێ ئەوەی وشەیەکی لە دەم دەربچێت دەستی منداڵەکان دەگرێت و خۆی دەکات بە یەکێک لە ژوورەکانەوە و کە دایکی (..أ....) دەبینی گەڕاوەتەوە یەکسەر بەرەو رووی دەڕوات و باوەشی پێدا دەکات و بە گریانەو بەخێر هاتنەوەی دەکات و لە دایکی دەپرسێت:

فلان چیدەکات لێرەو ئەو منداڵانە کێن؟

دایکی کە بێئاگا بووە لە پەیوەندی خۆشەویستی ئەو و ئامۆزاکەی، بە شادییەوە دەڵێ:

مەگەر نازانیت ئەو خێزانی کاکەتەو و منداڵەکانیش منداڵی ئەوانن و لە خوا بە زیاد بێت سکپڕیشەو وتا چەند مانگێکی دیکە دەبێت بە مامی سێ برازا. کە ئەوەی گوێ لێدەبێت کتووپڕ بەردەبێتەوە دەبوورێتەوەو کە چاوو دەکاتەوە لە نەخۆشخانەی (جمهوری) کەرکووک بووەو دەست و پێی بە زنجیر بەستراوەتەوە بە چووارپایەکەیەوە (قەرەوێڵەکەیەوە). دەکەوێتە هاوار کردن و هەوڵ دەدات زنجیرەکان ببچڕێنێت و خۆی رزگار بکات، بەڵام بیهوودە، کە(ممرضة)ەکان ئاگادار دەبنەوە دێن و بە زۆر و یارمەتی (فراش)ەکان، دەرزییەکی بێهۆشی لێدەدەن و ئارامی دەکەنەوە.........

تا ئێرە بەسە و وا بزانم، توانیبێتم روونی بکەمەوە بۆچی (..أ...) شێت بووە. بەهەر حاڵ پاش ماوەیەک لە نەخۆشخانەکەوە رەوانەی (دار العجزة)ی دەکەن و لەوێوە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەک، لەسەر (مسؤولية)ی دایک و برا بێویژدانەکەی، دەیگەڕێننەوە ماڵەکەی خۆیان و گەورە خەمەکانی لەوێوە دەست پێدەکات کە رۆژانە دەبینی خۆشەویستەکەی هاوسەری براکەیەتی و..........

رۆژ بە رۆژ بارووددۆخی خرابتر دەبێت و دەکەوێتە کۆڵان و شەقامەکان و منداڵانی گەڕەکیش کە بێ سەرگەرمی بوونە، دەبێتە هۆیەیەک بۆ سەرگەرمیان و دەکەونە بەردەبارانی و بانگی دەکەن بە (...أ...) شێت و ئەویش بە هەمان شێوە دژ بەوان دەکەوێتە بەردەباران و زۆر جاریش دەبینرا کە سەروو دەم و چاوی خوێناوییە لە ئاکامی ئەو

بەردانەی کە بەریدەکەوێت. بەداخەوە، هەوڵ و تەقەڵای گەورەکانیش کاریگەر نابێت لەسەر منداڵان و دەگاتە رادەیەک زۆر لە شەوانی ژیانی لە قبرستانەکەی شۆرجە دەباتە سەر، یا لە نزیک ئەو کوورانەی لە گردەکانی دەورووبەری شۆرجە کە (معدن) چییەکان، بۆ سووتاندنی بەردە سفتەکان بەکاریان دەهێنا، کە نەرم ببێت و بیهاڕن و بیکەن بە گەچ، یا لە بەردەرگا یا حەوشەی مزگەوتەکەی شێخ (سمایل) کە تەنها چەند سەد مەترێک دوور بوو لە ماڵەکەیانەوە........ هتد.....

(....أ...) لە کاتی ئاساییدا مرۆڤێکی ئێجگار رێک و پێک و لەسەرخۆ بوو. عارەبییەکی قسە دەکرد ئەوەی نەیناسیبا نەیدەزانی کە کوردە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٣ من رادیۆیەکم درووستکرد کە تا نزیکەی (٥) کیلومەتر (مدی)کەی دەڕۆیشت و بە دوو زمانی عارەبی و کوردی و هەموو ئەو بابەتانەی کە قسەکردن بوو بە عارەبی، (...أ...) دەیخوێندەوەو و کوردییەکانیش خۆم، کە بەداخەوە تەمەنەکەی زۆر درێژ نەبوو و پێش ئەوەی (دەوڵەت) پەیدای بکات، یەکێک لە براکانم پەیدای کرد کە لەسەر بان و لە پشت (تەندوور)ی نانکردنەوە شاردبوومەوە و بە پێلەقە ورد وردی کردوو و بە بەهانەی ئەوەی کە ئەگەر بیانگرتبایە ئەوانیان (إعدام) دەکرد. لەو ماوە کوورتەدا دووجار (انقلاب)یشمان کرد بە سەر (حکومة)دا، چوونکە ئەو ساڵانە هەر ماوەی جارێک و لە بغداد (انقلاب) دەکرا و ببوو بە گاڵتەی منداڵان. چوونیەتی ئاشکرا بوونیش ئەوە بوو براکەم بینیبووی من (...أ....) م بردبووە سەرەوە و بەلایەوە سەیرو سەرسووڕینەر بووە دەبێت چی باس بێت لەو بانە.

ئەوەی شایانە بگووترێت (..أ...) تەنہا تا پۆلی شەشی خوێندبوو لە قووتابخانە.

تا هەوڵی کووشتنم درا لە سەردەمی برا کووژیەکەدا لە لایەن (جماعة)ی جلالییەکانەوە، هەر هاوڕێتیم هەبوو لەگەڵ (....أ....)، بەڵام لەوە بە دوواووە ئاگام لێینەما.

گەورەخەمیش لەوەدا بوو، بەو پارانەی کە کۆی کردبوەوە، براکەی لە گەڕەکی (ر......ا) خانوویەکی دروستکردبوو و دایکی و (..أ...)ی لە خانووە کۆنەکەدا بەجێهێشتبوو. جاروباریش دەهات بە بەرگوێدا کە کاتێک دایکی بە پەیوەندی پیشووی (.....أ...) لەگەڵ ئامۆزاکەیدا دەزانێت و دەشزانێت کە کووڕە گەورەکەشی پێیزانیوە داوایان لێدەکات کە خانوەکە بە جێبهێلن و بۆ هەر شوێنێک دەیانەوێ بڕۆن. برا گەورەکەشی لە سوپادا بوو و (رتبة)ی (عریف) یا (رئیس العرفاء)ی هەبوو.

جارێکیان گوێم لێبوو و زۆریش گریام، کە لای دایکی گووتبووی: خۆشحاڵم، هیچ نەبێت توانیم بەڵێنەکەم بۆ فلانکەس جێبەجێ بکەم، کە پێموتبوو، ژیانێکی خۆشت بۆ دروستدەکەم و خانووت بۆ دەکڕم-.

*******

لەم کاتەدا شتێکی سەیرم هات بە خەیاڵدا، زۆر لە بابەتەکەشەوە دوور نیە، لەمەڕ هاوڕێتی من لەگەڵ شێتەکاندا، بە تایبەت ئەوانی گەڕەکەکەی خۆمان (شۆرجە). بە باشی دەزانم بۆ سەرگەرمیتان و بۆ ئەوەی کەمێک لە خەمەکانتان بۆ کاک (.....أ....)، کەم بکاتەوە ئەم باسەی خووارەوەتان بۆ بگێڕمەوە.

أبو علی سینا (١٠٣٧-٩٨٠ ) میلادی. یەکێک لە گەورەترین پزشکانی جهان و دامەزرێنەری علمی پزشکی و دەرمانساز، بیرکار، ئەستێرەناس، کیمیاوی، زەمینناس و جوغرافیناس و فیلەسوف، کە تاوەکو ئێستاش لە زۆربەی زانکۆ گەورەکانی جیهاندا کتێبەکانی لەمەڕ پزیشکی و دەواسازییەوە، کەڵکی لێوەردەگیردرێت و وەکو وانە بە قووتابیان دەگووترێتەوە.

أبوعلی دەفەرمێت:

لە هەمەدان (شارێکە لە ئێران)، دەرسم دەگووتەوە بە قوتابیان و هەر کەسانێکی دیکەش بیانوویستبایە دەیانتوانی ئامادە بن، چوونکە پۆلەکان ئازاد بوون و لە هەوای ئازادیش بەڕێوەدەچوون، لە هەمەدان پیاوێکی شێت هەبوو کە ئەگەر، حاڵەتەکەی تووشبوایە بە دە زەلامیش رانەدەگیرا. ئەوەی سەیرە زۆرجاران دەمبینی دەهاتە سەر دەرسەکانی من و لە دوای خەڵکەکەوە دادەنیشت و تەماشای دەمی منی دەکرد. رۆژێکیان خەریک بووم دەربارەی دەوایەک قسەم دەکرد کە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی شێتەکان درووستم کردبوو. ئەو پیاوە شێتەم بینی کە وا بە دیقەت تەماشام دەکات و سرنجی داوە بە قسەکانم و لەگەڵ هەر رستەیەکمدا بە شێوەیەک سەری دەلەقاند کە گوایە، یەک بە یەکی قسەکانم حاڵی دەبوو. کە ئەوەم بینی، یەکسەر و بێڕاویستان، کەوچکێکی زەبەلەحم لە دەرمانەکە کرد بە دەمی خۆمەوەو خواردم.

قووتابییەکان بە سەرسامییەوە پرسییان:

ئەو چیتکرد استاذ، بۆ خۆت ئەو دەرمانەت خووارد؟

پێیانمگووت:

"لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانمدا گەیشتوومەتە ئەو ئاکامەی کە شێت، ئەگەر نیشانەی شێتی لە یەکێکی دیکەدا بینی و هەستی پێکرد، ئەوە بە هەموو هەست و هۆشێکیەوە چاووی تێدەبڕێت و گوێرایەڵی قسەکانی دەبێت. منیش (فلان شێت) کە لە پشتی ئێوەوە دانیشتووە لە هەموو ئێوە زیاترو بە دیقەتتر گوێرایەڵی قسەکانی منەو دیارە لە مندا نیشانەیەکی شێتی دەبینێت، بۆیە بەو شێوەیە سەر دەلەقێنێ و بۆچوونەکانم پەسەند دەکات. "

دەفەرمێت:

کە قوتابیان و خەڵکەکە ئاوەڕیان دایەوە، کابرای شێت بە سەر لەقاندن و زەدەخەنەیەکی گەورەوە، پۆلەکەی بە جێهێشت.

*******

ئەوجا دیارە ئەو شێتە بەڕێزانەی گەڕەکەشمان (شۆرجە) نیشانەیەکی شێتییان لە کاتی خۆیدا، لە مندا بەدی کردووە، بۆیە دەبوون بە هاوڕێم و خەمەکانی خۆیانیان بۆم دەردەبڕی. لەوانە خودایان لێخۆشبێت. مام (خلیل)، (شۆخە)، مام (حەمە) و کاک (....أ....)، لەمەڕ سێ بەڕێزەکەی پێشەوە، دەزانم کۆچی دووایییان کردووە، بەڵام لەمەر کاک (.....أ....) دڵنیانیم.

# لە پاڵ دارێک دانیشتبوو،

# ئەژنۆکانی لە باوەش و

سەری لەسەرئەژنۆکانی،
وەک نەمامی پێش رەشەبا،
لەش بە لەرزەو
لێکیان دەدا، دانەکانی،
کە لێمپرسی چی روویداوە،
زۆربە نەرمی هاتە وڵام.
پرسی بۆچی تۆنازانیت،
(إنسانی)یەت کۆچی کردەو
نێوی لە نێودا نەماوە؟
کەسێک ژینم لە پێناوی شادی ئەودا،
گشت، تێپەڕان،
برایەکی دەوڵەمەندم،
ئەوپەرییەی لە من رفان.

# بوونت لە ژیانمدا

بە بوونی تۆ لە ژیانم،
خەمەکانم ڕەوینەوەو
بوون بە هەڵم و بخاری ئاوو،
هەور دەتوانێ خۆی ڕابگرێت،
مەگەر،
لەبەر،
هێزوو تیشکی گەرمی هەتاوو.

# دڵی تۆ و دڵی من

دانە بەفرێکی لە تۆپەڵ یاخی،
لەسەر دڵی تۆ، بۆ خۆی نیشتەوە،
کە سەهۆڵی بەست، لە سینەتدا دڵ،
منی بە یەکجار، لە بیر بردەوە،
عشقی تۆش بووە، بە ئاگر بژێن،
لە دڵی مندا،
ناکوژێتەوە، تا نەچمە،
ژێر گڵ.

# من کێم

ـ لە ژیانمدا ، بە سەرهات ، ڕووداو ، هەڵوێست ، خەم ، ئازار ، بڕوانامە ، گەلێك زۆرن کە شانازییان پێوە بکەم بەڵام ، شانازییەك کە ئەو شانازییانە شانازی پێوە دەکەن ئەوەیە کە ، لە دایك بووی گەڕەکی شۆرجەی کەرکووکی باشووری کوردستانم .

قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە شاری کەرکووك تێپەڕاند . بکالۆریوس و چەندین ماستەرو دکتۆرام لە زانکۆی تاران و زانکۆی لەندەنی بەریتانیا بە دەست هێناوە .

خوێندنەوە و نووسین لە سەرەتای ژیانمەوە ویست و ئارەزووی سەرەکیم بووە ، هەروەها هەوڵدان و خوێندن لە

پێناوی بە دەست هێنانی بڕوا نامەی بەرزداو لەو بابەتانەدا کە لە منداڵییەوە نەخشەم بۆ دانابوون و سوپاس بۆ خودا ئەوپەری سەرکەوتنم بە دەست هێناوەو لەو بووارەدا ئارەزووەکانم هاتوونەتە دی .

شایانە بڵێم کەهەمیشە ئامۆژگاری سەرەکیم بۆ ئەندامانی نەتەوەکەم بە تایبەتی لاوان ئەوە بووە کە بە پێی توانی هەوڵی ئەوە بدەن ڕێگای خوێندن بگرنە بەر چونکە ئاکامەکەی بە بەرژەوەندی خۆیان و نەتەوەکەیان کۆتایی دێت و بە کەڵکترین دەرمانیشە بۆ چارەسەر کردنی ئێش و ئازاری نەتەوەکەمان .

ـ وەك لە تەمەنێکی زۆر زووی منداڵیدا ، کەوتمە مەلەوانی لە دەریای سیاسەتدا ، هەر بەو شێوەیەش هاوڕێتیم لە گەڵ نووسیندا پەیدا کرد . بێگومان بارو دۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە هاندەری سەرەکی بوون . بۆ تێکەڵ بوونم لە گەڵ سیاسەتدا کەم بوونی

خوێندەواران بوو لە نێو گەورەکانی گەڕەکەکەماندا بۆ خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانەی کە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە دەنووسران و لە دووایشدا ئەوانەی کە لە لایەن شۆرشەوە دەردەچوون کە تا بڵێی کەم و کوورت و ناوەڕۆك لاوازیش بوون .

چی سیاسەت سوودی پێگەیاندبێتم (کە هەرگیز) و چی زیان (هەمیشە)، تاکو ماوم سوپاسمەندی دوو مامۆستای تێکۆشەرو شەهید ، مامۆستا (حسیب محمد بگ و مامۆستا عمر شریف زەنگەنەم ، کە ئەو دوو کورد پەروەرە بوون ، ریگای پاکی کوردایەتیان پیشاندام و تاوەکو ئەمرۆ لە سەری ماووم تا مردنیش هەر دەمێنم .

لەبارەی نووسینەوە ، وەك ئاماژەم بۆ کرد ، کەم بوونی بڵاوکراوەی حزبی و تینوو بوونی خەڵك بۆ زانینی هەواڵ بوو کە هانیاندام بۆ ئەوەی بە نێوی شۆرشەوە بنووسم

و بخوێنمەوەو سوپاس و دوعاش بۆ شۆڕش و لێپرسراوە لە چاڵی دوواکەوتندا چەقیوەکانی بێت .

کتێبی پەنجا لاپەڕەیی - ***گەشت بۆ نومرە هەشت*** - کە بەسەرهاتێکی زۆر سەیرو سەمەرو دڵسووتێنەری هەیە و دەبێت لە پێشەکی چاپە نوییەکدا بخوێنرێتەوە- یەکەمین نووسراوومە کە بە شێوەی کتێب بڵاوکرایەوە لە سەردەمێکدا کە قوتابی ساڵی یەکەمی ئامادەیی بووم .

لەگەڵ ئەوەدا کە هەرگیز نە سوسیالیست بووم بە مانای (چەپی) و نە هەرگیز کۆمۆنیست و نە ئایدیۆلۆژییەکەییم بە گونجاو رەچاو دەکرد بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کورد ، بەڵام ، ئەوەی منی نەدەناسی ونەیدەزانی نووسەرەکەی لاوێکی دوازدە سیازدە ساڵەیە و کتێبەکەی دەخوێندەوە ، کتووپڕ دەگەیشتە ئەو بۆچوونەی کە نووسەرەکەی مرۆڤێکی بە تەمەنی نووقم بوو و کووڵاوی

نێو مەنجەڵی بیروباوەڕی کۆمونیستییەو زۆریش لە نزیکانی خۆم ئەو تاوانەیان پێوە نووساندم و لەوانە باوکی خۆم.[1] لە کاتێکدا چیرۆکەکە باس لە گەشتێك دەكات كە قوتابخانەی شۆریجەی کچان بۆیان رەخساندین بۆ ناوچەی نومرە 8ی نزیك بە دوبزی شاری كەركووك بۆ سەیران و دووانە لەسەر ئەو دیمەنانەی کە بینیم و تێبینیم کردو ئەو جیاوازییە لە شێوەی ژیانی دانیشتوانی ئەوێدا کە زۆربەی هەرە زۆریان بێگانە بوون بە تایبەت ئینگلیز ، لەگەڵ شێوەی ژیانی ئێمەدا کە لە گەڕەکی شۆریجەی هەمان شاردا

[1] . بەسەرهاتی تاوانی کۆمونیست بوونم لە لایەن باوکمەوە لە ناوەڕۆکی کتێبی چیرۆکی وازم لێبێنن دلّداری ناکەم دا بە درێژی باسکردووە . دیارە هەر لە ئاکامی ئەوەدابوو کە لە ساڵی 1979 کاك مسعود بارزانی و سەرکردایەتیە کاتییەکەی نامەیەکیان دابوو بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تێیدا باسی ئەوەیان کردبوو کە شۆرشەکەی 1961یان شۆرشێکی ئیسلامی بووەو لە سەرەتاوە یوسف زەنگەنەو هاوبیرانی کردوویانە بە کۆمونیستی . باشبوو گەورە پییاوی دەسەڵاتداری ئێران ، مەسعود و خێزان و سەرکردایەتییەکەی لە خۆی چاکتر دەناسی و زانیشی لەو کاتەدا من تەمەنم چەند بووە .

دادەنیشتین . هەروەها لە کتێبەکەدا باسم لە چەند رووداوی خۆشەویستی و بەسەرهاتی خۆشی منداڵانە کردووە .

چ بەر لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو چ لە پاش ئەوە ، خەمی نەتەوەکەم و خۆمم ووردە ووردە بە عارەبی و کوردیش دەڕژاندە سەر لاپەڕەی هەندێك لە گۆڤارو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا کە زۆربەشیان لە بغدادی پایتەختی عراق دەردەچوون ، تا گەیشتە شەوی نەورۆزی ساڵی 1968 کە لە لایەن ئەو باڵەی شۆرشەوە کە خۆیان فرێدابووە باوەشی حکومەتی عراقەوەو رابەرەکەشیان ببوە پێشمەرگە عبدالرحمن عارفی سەرەك کۆماری ئەو وەختەو لەپاشانیشدا حکومەتی بعس، لە سەر نووسین و جموجۆلەکانم دژ بە دووبەرەکی و کورد فرۆشی بڕیاری لە نێوبردن و کوشتنمیان دەرهێناو بە برینداریيەکی قورس وترسناك کۆتایی هات کە تا ئێستاش لە لایەن فیزیکییەوە پێیەوە دەناڵێم و لە لایەن معنوی و رەوانیشەوە گەورەترین و بەرزترین پاداش و پلەیەکە کە بە دەستم هێناوەو

پێیگەیشتووم . کوردفرۆشان بەو ئاواتەوە بەو کارە هەستان کە دەنگی راستی کپ بکەن و چرای مەشخەڵی هەڵکراوە بکوژیننەوە کە بتوانن لە تاریکیدا وەکو ئەهریمەن بکەونە مروڤ کوژی و بردن و تالان ، بەڵام هەوڵ و ئاواتەکەیان نەهاتە دی و بە فیرۆدا چوو ئەگەرچی ئەو گوللانەی کە بە گیبانە بێتاوانەکەی منیانەوە نا ، تینوویەتیانی نەشکاند و چەندین هەوڵی دیکەیان دا کە دەرمان خوواردم بکەن لە کاتێکدا بە بارێك کۆت و زنجیریش بەسترابوومەوە بە چارپایەکەمەوە لە نەخۆشخانەی کۆماری کەرکووکدا ، کە ئەو تەقەللایانەشیان هەر بێسوود بوو و ئەوە نەبێت رووی رەشیانی رەشتر کردو چاوویانی لە بەرامبەر کورددا شۆڕتر .

ئەو رووداوە دڵتەزێنە نە هەر تاکە هەنگاوێکیش بەرەو پاشەوەی نەکشاندم ، بەڵکو هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی هەتا هەتایە رێڕەوی ئەو رێگایە بم کە گرتبووم و گرتوومەتە بەرو سوور تر بم لە تێکۆشانی بێووچان دژ بە کوردفروشان و ئەوانەی کە بە خوێنی کوردەوە بازرگانی دەکەن ، ئیتر ئەم

باڵی شۆڕشە ئاوات لە بار چوو و دزراوەکەمان بێت یا ئەو باڵی .

لە ژیاندا تووشی تەنگەچەڵەمەو ئێش و ئازارو ئاوارەیی و دەربەدەری برینداری و خەم و پەژارەو ئەشکەنجەو زیندانی زۆر بووم ، بەڵام ، بە شانازییەوە دەڵێم کە هیچ یەك لەو بەسەرهاتانە نەیانتوانی چۆکم بنووشتێننەوەو لە شەڕی سیاسی نێواندا لەگەڵ لایەنە کورد فرۆشەکاندا هەمیشە من سەرکەوتووی سەربەرز بووم ، چونکە ئەو بیرو باوەڕی کوردایەتییەی کە خۆم پێ چەکدار کردووە گەلێك لەو لایەن و بیروباوەڕە پووچەڵانە بەهێزترە کە کە بەربەرەکانی دەکەن و هەوڵی لە نێوبردنی دەدەن .

بۆیە، وەك دەبینرێ و ئاشکرایە رابەرانی داگیرکەری ئەمرۆی کوردستان ، هیچ بایەخێکیان نەماوەو تەنیا بە زۆری هێزی چەك و چەکدارە بە پارە راگیراوەکانیانە کە توانیویانە لە گۆڕەپاندا بمێننەوەو بێگومانم کە ئەم بارودۆخەش کوورت خایەنەو لە

داهاتوویەکی زۆر نزیکدا دەیان بینین ئەوانیش وەکو هەندێ لە رابەرانی عارەبی هەڵهاتوو کوونە مشکیان لێدەبێت بە قەیسەری و وولاًت بە وولاًت و شار بە شار بە شوێن پەناگایەکدا دەگەڕێن کە خۆیانی تێدا بشارنەوە تا لە تۆڵەی ئەو تاوانانەی کە دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە، رزگاریان ببێت، کە ئەم خەیاڵەشیان هەر خاوەو هێزی رەش و رووتان و هەژاران و کۆرپەی شەهیدان و بە جێماوی ئەنفالکراوان و بە گازی کیمیاوی خنکێنراوان، ئەو هەولاًنەیان پووچەڵ دەکەن و ریگای هەڵهاتنیان لێدەبەستن و لەقەفەسی تاواندا رایان دەگرن و دەیانگەیینن بە سزای رەوای خۆیان.

# چاپکراوەکانم

1. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە. بەشی یەکەم. ساڵی ١٩٧٠.
2. چوارینەکانی یوسف صدیق زەنگەنە، بەشی دووهەم. ساڵی ١٩٧٣.
3. بازاڕی شۆریجە. چیرۆک و ڕووداو. ١٩٧٣.
4. دهۆک و سەربەستی ئافرەت لە پەنجەرەی ئوتێل کوردستانەوە. ١٩٧٣.
5. پەپوولەی باڵ شکاو. هەڵبەست و پەخشان، کۆتایی ١٩٧٥.
6. سکاڵای کوردێکی دڵسۆز. شعر، ١٩٧٦.
7. کۆترەکەم و شۆڕشی کوردستان، ١٩٧٦.
8. وازم لێبێنن دڵداری ناکەم. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە، ١٩٧٦.
9. ڕەشەبای ڕقی پێشمەرگەیەکی سەرشێت. چاپی یەکەم، ١٩٨٥، لەندەن.
10. هەمان کتێب. ساڵی ١٩٨٦.
11. ئیملا. وەرگێڕاو، لە فارسییەوە، ١٩٨٧. نووسینی.گوهر مراد. (غلامحسین ساعدی).
12. سۆتۆ و تەتۆ. وەرگێڕاو، ١٩٨٨.
13. نەسرین. ساڵی ٢٠٠٠.

14. نەسرین. تابلۆیەکی خوێناوی لە کوردستانەوە، چاپی دووهەم بە دەستکارییەوە، ٢٠١١. چاپی چووارەم، کوردستان ساڵی ٢٠١٦

15. بنچینە سەرەتاییەکانی شەڕی پێشمەرگایەتی. لە ساڵی ١٩٧٤ لە گەرمەی شەڕدا بڵاوکرایەوەو بە شێوەیەکی فراوان بەسەر پێشمەرگە پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەدا دابەشکرا.

16. کیژە کوردە بەرلینییەکە. هەڵبەست، ٢٠١١

17. بێچووە چۆلەکەو رابەرانی کورد. هەڵبەستی سیاسی، ساڵی، ٢٠١١.

18. ژن سەرچاوەی شعرە. شعری رۆمانسی، ساڵی، ٢٠١١.

19. کوردستان سەرزەمینێکی جادو لێکراو. شعری سیاسی، ٢٠١٤.

20. کیژێک نێوی پێنج خاڵە. شعری رۆمانسی، ساڵی ٢٠١٤.

21. ماچی پاش مردن. شعر. کوردستان. ٢٠١٦

22. فرمێسکەکانی شەوبۆ. کوردستان. ٢٠١٦

23. قەنارییەکان باس لە جوانی تۆ دەکەن. شعر. کوردستان. ٢٠١٦

24. کچانی چیای قەندیل و کۆبانی. شعری سیاسی، کوردستان ٢٠١٦.

25. پەرەسێلکەکانی چیای پێرس. چاپی دووهەمی (بانگی ئاشبەتاڵ)، شعری سیاسی. لەندەن- ٢٠٢١

٢٦. ماچێک کە هەرگیز نەگەیشت. شعری رۆمانسی. لەندەن، ٢٠٢١

٢٧. پەپوولەی باڵ شکاو، شعری رۆمانسی. چاپی دووهەم، لەندەن، ٢٠٢١

لەگەڵ ئەوانەدا کە نێوبران، بە دەیان کوورتە چیرۆک و چیرۆکی شانۆگەری و شعرو پەخشانی ئەدەبی و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتیم بە زمانەکانی کوردی، عارەبی و فارسی لە گۆڤارو رۆژنامەو مانگنامەو وەرزنامەی جۆراوجۆردا، بڵاوکردووەتەوە، کە ئەگەر تەمەن یارمەتیدەر بێت لە چەند بەشێکدا دووبارە بڵاویان دەکەمەوە.

جگە لەوانەی کە باسکران، بە دەیان کۆڕو سمینارو وانەی تەلەفزیۆنیشم ئەنجامداوەو ئەوانەش بە یاری خودا بەم زووانە دەخرێنە سەر کاغەز.

# چاپنەکراوەکانم

1. لە روانگەی پێشمەرگەیەکی سەرشێتەوە. هەڵبەستی سیاسی.
2. ووڵاتی شارە زەردەواڵەکان، کورتە چیرۆک.
3. مانیفیستۆی بیری کوردایەتی: پەیرەو و پرۆگرامی بیری کوردایەتییە.
4. هیچ: کورتە چیرۆک بۆ شانۆ.
5. خەلیلە شێت: شێتێک کە ووتەکانی هۆشیارانی سەرسام دەکرد.
6. ماچێک کە هەرگیز نەگەیشت. شعری رۆمانسی. (چاپکرا) لەندەن، ٢٠٢١
7. تەنەکەی زبڵی خودا. چیرۆک و بەسەرهات.
8. هەزار کیلومەتر خوێن. بەسەرهاتی کوردانی ئەنفالکراوە.

9. شەوێک کە من و ئاسمان گریاین. چەند کوورتە چیرۆک. وەرگێڕاو لە فارسییەوە.

10. یەکەمین راپەڕینی کورد بەر لە ٤٠٠٠ ساڵ، چۆن فرۆشرا.

11. مەکری پیاوانی کورد. چیرۆکێکی کۆمەڵایەتییە.

12. مامۆستای دێیەکەمان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە، لە ساڵی ١٩٧١ لە چەند دانەیەکدا چاپکراو بڵاوکرایەوە. شایانە بگووترێت بڕێک لە لاوانی هونەرمەندی کوردی دڵسۆزو چاونەترس و بوێر، لە گەڕەکی شۆرجە لەسەر شانۆ نواندیان.

13. زەردەشت و بنچینە سەرەتاییەکانی ئاینەکەی.

14. زەردەشت تاوانبارکراوێکی بێتاوان. لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر ئەو تاوانانەی نایارانی چەسپاندوویانە بە ئاینەکەیەوە.

15. بەڵێ زەردەشت کورد بوو.

16. کاریگەری زەردەشت لەسەر جوولەکەو ئیسلام. هەروەها لەسەر سوقرات و ئەفلاتوون و بڕێکی دیکە لە فەیلەسوفە رۆژئاواییەکان.

17. گەشت بۆ نمرە هەشت. چاپی دووهەم.

18. ئابووری سیاسی. سەرەتایەک بۆ لاوان.

19. پێشەکییەک بۆ سیاسەت.

20. مام إحسان و مەلا مستەفا بارزانی. باس لە یەکەمین چاوپێکەوتنی خوا لیخۆشبووان، ژنرال إحسان نوری پاشا، سەرۆکی شۆڕشی ئاراراتی باکووری کوردستان و مەلا مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ی باشووری کوردستان دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە ژوورەکەی مندا روویدا و کورتەیەک لە گووتووبێژەکانیان. هەروەها

بردنی مام إحسان بۆ ماڵی بارزانی لە (عظیمیة)ی (کرج)ی لە ئێران، پاش ٣ ساڵ لە یەکەمین چاوپێکەوتنەوە. هەروەها بۆچی، شێخ مسعود بارزانی، لەسەر ئەو کارەم چەندین گرفتی بۆ دروست کردم. کورتەیەکی لە رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکاندا باسکراوە. بەم زوانە بە شێوەی کتێب، بڵاوی دەکەمەوە.

21. لە رۆژمێری شەیتانی ئەمدیوی ئاوێنەکەوە. باس لە ئێرەیی نێوان خێزانەکان دەکات.

22. پشکنەر کۆڵۆمبۆ لە کوردستان. چیرۆکێکی شانۆگەرییە باس لە چۆنییەتی پەیداکردنی ئەو کەسە دەکات کە پیلانی دەرهێنانی تەرمەکەی بارزانی لە گۆردا، دارێژاند، لە لایەن پشکنەر کۆڵۆمبۆوە، کە لە ئەمریکاوە بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوو.

23. نامێلکەی ماستەرو دکتۆراکانم کە بە زمانی ئینگلیزین و وەردەگێڕدرین بۆ کوردی و عارەبی.

24. بیرەوەرییەکانم لە چەند بەشێکدا لەوانە:

25. أ- بۆنی شیرو سیاسەت. ژیانم بەر لە ساڵی ١٩٦٨.

26. ب- ١٩٦٨ دووبەرەکییە پشت شکێنەرەکەی ١٩٦٤ چی بوو، چۆن روویدا؟ دەستپێک و ئاکام.

27. پ- پاراستنەکەی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ یا رووخێنەرەکەی؟ بەڵێ، من پێشمەرگە لاوەکانم فێری یاخی بوون کرد و ئاکام.

28. ج- دوای کوشتنم. ژیانم دوای ١٩٦٨ و تا ١٩٧٥.

.29 چ- هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥. ژیانم لە تاراوگە، لە ئێران و سوریاو ئەوروپا. بە درێژی باس لە یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی دەکەم کە من دامەزرێنەرەکەی بووم پاش هەرەسەکە، بە بەڵگەوە و چۆن هەرەسهێنەران، هەرەسیان بەو کۆمەڵەیەش هێنا. چۆن بیری گۆڕانم لە سیستەمی سیاسی کوردستاندا هێنایە بوون و شەمی دەستپێکردنیم هەڵکرد لە تەلەفزیۆنی میدیادا بەرنامەی (رۆژباش کوردستان) لە بەرواری ٢٠٠٠/١١/١.

.30 د- شۆڕشێک کە ئاواتەکانی لە بار چوون.

.31 هۆرەکانی شەکسپیر. ئینگلیزی و کوردییە. ئایا شەکسپیر ئەو بلیمەتەیە کە باسی لێدەکەن؟

.32 شارەکەم کەرکووک. لێکۆڵینەوەیەکی رەوانی خەڵکی ئەو شارەیە لە تاراوگەدا. کوورتەیەکی لە رۆژنامەی بارزاندا کە لە ئەمەریکا دەردەچوو بڵاو بووەتەوە.

.33 لە پێناوی مێردەکەیدا. بەسەرهاتی ژنە کوردێکە لە دوو بەشدا. بەشی یەکەم: لە پێناوی مێردەکەیدا و بەشی دووهەم: لە پێناوی کوڕەکەیدا.

.34 تهاتف التهافتين. امام محمد کوڕی محمد کوڕی محمد کوڕی أحمد أبو حامدی الغزالی، لە ساڵی ١٠٥٩ی زایینی لە شاری تووسی خۆرهەڵسانی ئێران، هاتووەتە جیهانەوەو لە ١١١٤ کۆچی دوایی کرد. لە نێوانی ساڵانی ١٠٩١ تا ١٠٩٥ کتێبی (تهافت الفلاسفة- رووخانی بۆچوونی فەیلەسووفەکان)ی نووسی و زۆر لە بیرووباوەڕی فەیلەسووفەکانی یۆنان و جیهانی بەر لە خۆی پووچەڵ کرد و رامالکاند. دوای تێپەڕبوونی ٦٧ ساڵ

بەسەر لە داییكبوونیدا، لە (قرطبة)ی وولاتی ئەندەلووسدا، یانی لە ساڵی ١١٢٦ ی زاینی أبی الولید محمد كوڕی أحمد كوڕی محمد ابن رشد القرطبی، هاتە جیهانەوە و لە ساڵی ١١٩٨ دا لە مراكش كۆچی دوایی كرد.

ئەم فەیلەسووفە كتێبێكی نووسی بە نێوی (تهافت التهافت- رووخانی رووخێنەرەكە)، كە مەبەستی، رووخانی كتێبەكەی (الغزالی) بوو، كە ئەویش برێكی زۆر لە بۆچوونەكانی (الغزالی) پۆچەڵ كرد.

بە یاری پەروەردگار، من لە تەواو كردنی دوا بەشەكانی كتێبێكم كە پتر لە ٣٠ ساڵە كاری لەسەر دەكەم بە نێوی ( تهافت التهافتین- رووخانی هەردوو رووخێنەرەكە) كە لە رێگەی ئەو كتێبەوە لە گۆڕەپانی پان و پۆڕی فەلسەفەدا، هەوڵ دەدەم كە پشتی ئەو دوو كەڵە سوارە بكووتم بە زەمینداو زۆر لە بۆچوونەكانیان لە چاڵ بكەم. چاوەڕوانی بن.

35. خودا لە چاوەكانی منەوە دەتانبینێت. را و بیرووبۆچوونەكانمە لەمەڕ فەلسەفەو گیرووگرفتەكانی. ئەم كتێبە دەبوایە لە ساڵی ١٩٩٢ دا بڵاوببێتەوە، بەڵام بەداخەوە وەک لە رۆژنامەكانی بەریتانیادا بە وێنەوە بڵاوكرایەوە، تەنیا بەرگەكەیم بۆ مایەوەو دزانی سیاسی نێوەڕۆكەكەیی و دەیان نووسراو و سەدان پارچە شعر و چیرۆک و نووسراوی جۆراوجۆری دیكەی بڵاو نەكراوەیان بە پیلانێكی زۆر پەلیدانە، لە ماڵەكەمدا دزی بە كۆمپیۆتەرو (فلۆپی دیسک)ەكانیشەوە و تا ئێستاش دزەكان هەر نەدۆزرانەوەو سێ وولاتی زەبەلەحیش یەكتریان تاوانبار كرد بە ئەنجامدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە.

بەو هۆیەوە لەو كاتەوە بە رۆژ و شەو بە كوون و قووژبنەكانی مێشكمدا لە گەڕاندام بۆ پەیداكردنی بابەتەكانی ناوەڕۆكەكەی و لە خوا

بە زیاد بێت وورده وورده خەریکم دیوارەکانی بەرزدەکەمەوەو بە کوێری چاوی دوژمنانی زانست و زانیاری راست و پاک و رەسەن، بە ماوەیەکی کەمی دیکە سەربانەکەشی دادەپۆشم .

لەو کتێبەدا دەگەنە ئاکامی ئەو پرسیارانەی کە ساڵیانێکە لە مێشکتاندا هاتووەتە بوون وەکو:

بۆ لە داییکبووین؟ مەبەست لەم هاتن و چوونە بە پەلەیە چییە؟ بەهەشت و دۆزەخ چین و لە کوێدان؟ جیهانی مادی و ئەم کەونە چییەو بەرەو کوێ دەڕوات؟ خودا ئێمەی درووستکردووە یا ئەو درووستکراوی بیری ئێمەیە؟ ئاینەکان، زەمینین یا ئاسمانی و مەبەست لە درووستبوونیان چییە؟ ئایا پێغەمبەرەکان، خودا هەڵیبژاردوون یا ژیری بیری خۆیان هێناویانیەتە بوون؟ فەیلەسووفەکانی جیهانی رۆژئاوا، ئەگەر لە سەرزەمینی پێغەمبەراندا لە رۆژهەڵاتی جیهان بە تایبەت روژهەڵاتی نێوەراست، بهاتابانە جیهانەوە، هەر پێیان دەگووترا فەیلەسووف یا دەگووترا پێغەمبەر، بە پێچەوانەشەوە؟ ئایا خودا گیاندارانی بە مرۆڤ و ئاژەڵ و درەختەوە درووست کردووە، یا لە تۆزوخۆڵی تەقینەوە گەورەکە هاتوونەتە بوون؟ ئەو کونە رەشانەی کە جاروبار، بەرچاووی تەلەسکۆپە زەبەلەحەکان دەکەون، چین؟ ئایا پاشماوەی ئەستێرە سووتاوەکانن وەک زانایان بۆی دەچن یا شتێکی دیکە؟

خودا یار بێت پێش یا پاش مردنم دەکەوێتە بەرچاووتان.

# رێگەی کوردایەتی

ـ **رێگەیەکە**، درێژ خایەن و پڕ لە مەترسی ، زیندان و شکەنجەو برین و برسییەتی و تینویەتی و بێبەرگی و دەربەدەری و ئاوارەیی و لۆمە و تانەو تیشە و لێدان و هەڵواسین و گوللەباران، ئاسانترین ئەو بەسەرهاتانەن کە تووشی ڕێڕەوانی دەبن ، بێگومان لە لایەن ڕێبرانی نێو خۆ و دەرەوییەوە .

ـ تەنها **رێگەیەکە**، کە کورد بەرەو ئازادی دەبات و کوردستانیش بەرەو رزگاری .

ـ **رێگەیەکی**، بەرفراوانتر لە **رێگەی** تەنگی پارتایەتییە ، ڕێڕەوانی لە روانگەیەکی بەرفراوانترو دووربینترو تیژبینترەوە دەڕواننە ئەندامانی نەتەوەکەمان ، هەموو کوردێك هاوڕی و هاوبیرو یەکسان لەقەڵەم دەدەن و بە یەك چاوو تەماشایان دەکەن و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا خەبات دەکەن ، بە تەواوی بە پێچەوانەی پارتایەتییەوە کە هەر پارتێك تەنها تێدەکۆشێت لە پێناوی کەسانێکدا کە ئەندامی خودی پارتەکەن .

# بیروباوەڕی کوردایەتی

ـ تەنیا بیروباوەڕێکە کە کوردی هەموو گۆشەو قوژبنێکی کوردستان بە ئەندامی یەك خێزان و یەك خانەوادە دەژمێریت و بیری یەکتر خۆشویستن لە مێشکیاندا دەڕوێنێت .

ـ بیروباوەڕێکە کە لە مێشکی کوردپەرستانەوە دەردەکەوێت و دەچێتە مێشکی کوردپەرستانەوەو بە نان و دۆ و چێشتی ساوەری کورد و خوێنی کورد ، پەروەردە دەبێت و بە دەست و بازووی کوردیش ئارمانی لە چاووگیراو کە دامەزراندنی وڵاتی کوردستانی سەربەخۆیە ، بە دەست دەهێنێت .

ـ ئەگەر تۆی کورد باوەڕت بەو خاڵانەی سەرەوە هەیە و لەو باوەڕەشدای کە داگیرکەرانی کوردستان ، رزگارکەری نین ، ئەوە جێگای ئومیدی و ئەگەر ، نا ، دەست لە خۆت بشۆرەوە .

# سوپاس و پێزانین

خۆزگە لە سوپاس بەولاوە وشەیەکی دیکە هەبوایە کە لە ناخەوە دەرمبڕیبایە بۆ کاک (بەختیار کامل)ی خۆشەویست، بەرابەر یەک لە سەدی ئەو کارانەو ئەو ماندووبوونانەی کە لە پێناوی مندا، ئەنجامیداوەو دەدات و کێشاویەتی و دەیکێشێت، لە بەڕێوەبردنی لاپەڕەکانمەوە بگرە تا دەگاتە، یارمەتیدان و پشتیوانیکردنم و شوێن دەنگ و باسی باروودۆخی تەندرووستیم، کەوتن و بە سینەیەکی فراوانەوە ئاگادارکردنەوەی هاوڕێ و خزم و کەسان و خۆشەویستانم، چی لە رێگەی پەیامە نووسراوەکانەوە و چی تەلیفۆن و چی پەیامی دەنگییەوە.

خوای گەورە، ئەو مرۆڤە مەزنە یا لەراستیدا (ملک کریم)ەم، بۆ بپارێزێت و تەمەن درێژی بکات و دوور لە هەموو، نەخۆشی و ناخۆشییەک و سێبەری هەمیشەیی بێت، لەسەر هاوسەروو چووار منداڵە خنجیلانەکانی، ئەوانیش بۆ ئەم بهێلێت بە خۆشی و تەندرووستییەوە، لەگەڵ تەمەنێکی درێژدا.

<u>بێئەندازە سوپاس بەختیار گیان، یاخوا بەخت هەمیشە یارت بێت.</u>

# ناوەڕۆک



| | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | روونکردنەوەیەک | ٣ |
| 1. | دڵی ئارام | ٤ |
| 2. | تۆ و مانگ | ٥ |
| 3. | بەڵێنێک بە خوداوەند | ٦ |
| 4. | تۆ | ٧ |
| 5. | خۆتم لێمەشارەوە | ٩ |
| 6. | دەمەتەقێیەکی بێ ئاکام | ١٠ |
| 7. | ئایینی عشق | ١٢ |
| 8. | خەیاڵ و ئارەزوو | ١٣ |
| 9. | خۆشویستنت، بێدیتنت | ١٤ |
| 10. | شانەکانت | ١٥ |
| 11. | دەروێشی مەیخانەکان | ١٦ |
| 12. | کەندووی هەژاران | ١٧ |
| 13. | بەلەم | ١٨ |

| | | |
|---|---|---|
| 14. | تۆی تەنیایی رەوێنم | ١٩ |
| 15. | چرای رێی تاریکم | ٢١ |
| 16. | ئاوێنەی چاوانت | ٢٢ |
| 17. | گەردنت ئازاد نەبێت | ٢٣ |
| 18. | بەڵگەی جوانیت | ٢٥ |
| 19. | تارمایی بوو نەک پەری | ٢٦ |
| 20. | تیرباران | ٢٧ |
| 21. | هەتاو، مانگ، تۆ | ٢٨ |
| 22. | جوانی تۆ و جوانی هەتاو | ٢٩ |
| 23. | پیاوانی زۆرزان | ٣٠ |
| 24. | دابڕان | ٣٢ |
| 25. | عشقی پاک | ٣٣ |
| 26. | تەنیایی | ٣٤ |
| 27. | خەمی من و ئاسمان | ٣٥ |
| 28. | عشقێکی هەتاهەتایی | ٣٧ |

| | | |
|---|---|---|
| 29. | بە گڕی یەکێک سووتاووم | ٣٨ |
| 30. | تا تۆم هەبیت | ٣٩ |
| 31. | دڵی من و تیری چاووت | ٤٠ |
| 32. | تۆ پەرستی | ٤١ |
| 33. | تۆی هەناووم | ٤٢ |
| 34. | هەتاو و رووخسار | ٤٣ |
| 35. | گۆڕان لە سیستەمی گەردوون | ٤٤ |
| 36. | تۆ، ئەو، نا | ٤٦ |
| 37. | سەرسامی پزشکی چاوو | ٤٨ |
| 38. | پەرییەکی ئاسمانی | ٤٩ |
| 39. | ئێرەیی | ٥١ |
| 40. | بادەی ساقی و لێوانی تۆ | ٥٢ |
| 41. | ئاوێنەکەم | ٥٤ |
| 42. | هێزی ناووت | ٥٥ |
| 43. | شەیدای گووڵم | ٥٧ |

| | | |
|---|---|---|
| 44. | لەو رۆژەوە بە جێمهێشتووی | ٥٨ |
| 45. | تۆ هەم گەڵا، تۆ هەم گووڵی | ٥٩ |
| 46. | دڵە شێتەکەم | ٦١ |
| 47. | بێباک لە ئاوابوونی هەتاوو | ٦٢ |
| 48. | لە شارێکی بێ چرادا | ٦٣ |
| 49. | مژی خوونچەی لێوەکەت | ٦٤ |
| 50. | بۆنی تۆ | ٦٥ |
| 51. | مەرگی مرۆڤایەتی | ٦٦ |
| 52. | بوونت لە ژیانمدا | ٧٤ |
| 53. | دڵی تۆ و دڵی من | ٧٥ |
| 54. | من کێم | ٧٦ |
| 55. | چاپکراوەکانم | ٨٥ |
| 56. | چاپنەکراوەکانم | ٨٧ |
| 57. | رێگەی کوردایەتی | ٩٣ |
| 58. | بیرووباوەڕی کوردایەتی | ٩٤ |

59. سوپاس و پێزانین ٩٥
60. ناوەڕۆک ٩٦



ئایینی عشق لە بەهەشتدا،
بە بڕیاری پەروەردگار، درووستکرا،
لە ئاکامی عشقیشدا بوو،
کە لە لایەن ئادەمەوە،
فەرمانی خوا پشتگوێ خرا،
لە پێناوی عشقیشدا بوو، لە بەهەشتی ئاسمانەوە،
بەرەو زەمین فڕێدرا،
چوونکە لای ئەو پیرۆزتر بوو،
عشقی (حوا)،
لە ویستی خوا.